# لێکدانەوەی تاف و کات
# لە زمانپژانی منداڵی کورددا

**پ.ی.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**پێشەکیی:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی چۆنێتیی تێکردەی زمانە بۆ ناو دەزگاو ڕێزمانی گشتیی ئاوەزی منداڵی کورد، بۆ ئەوەش ئەو هاوکێشەو نەخشەیە بەکارهێنراوە، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ بڕوای پێیەتی. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکە کار لەسەر کەرەستە ناسەرەکییەکانی زمانوەرگرتن دەکات و بە تایبەتیی لەسەر ئاوەڵکرداری کات جێبەجێی کراوە، بەڵام هەنگاوەکانی تێکردەی کەرەستە سەرەکیەکان دەردەخات و تاکگەرایی (Individual) زمانی خودی منداڵەکە، پێش وەرگرتنی تاکگەرایی زمانی دایك باسی لێوە کراوە. لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە زمانوەرگرتن و زمانپژانی جیاکردۆتەوە، ئەویش بەو پێیەی زمانوەرگرتن دەرەکیی (externally) و زمانپژان ناوەکیی (internally)یە. هەروەها بۆ تێکردە فەرهەنگییەکەی منداڵ، بنەمای گشتێتیی جەختی لەسەر کراوەتەوە، تا لە وەرگرتنی کات و تافدا بەکاربهێنرێت. واتە ئەو کەرەستەیەی بۆ لێکۆڵینەوەکە وەك تێکردە بۆ زمانی منداڵ کاری پێدەکرێت، کاتە (time) کە ئاوەڵکرداریيە، هەروەها تافە کە مۆرفێمییە.**

## ١/١) زمانپژانی منداڵ

**منداڵ لە لەدایکبوونەوە بە خۆرسکی دەزگای زمانی هەیەو خاوەنی ڕێساو یاسای گشتیی زمانەو پاشان بە پێی زمانی دایکی بە زمانێکی تایبەتیی پڕی دەکاتەوە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە منداڵ زمانی دەپژێت و زمانپژانیش پرۆسەیەکە، کە تێیدا ڕێزمانی تایبەتیی لەبەر ڕێزمانیی گشتییدا پردەبێتەوە. زانستی زمان خۆی بە لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی پرنسیپ و ڕێساویاساکانی زمانی مرۆڤەوە خەریکدەکات، بۆیە ئەگەرچیی منداڵ قۆناغی پێشزمانی هەیە، واتە هەندێك دەنگ دەردەکات بۆ پەیوەندییکردنە، بەڵام بە پێی ئەو گریمانەیەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بۆ زمان دەیکات و ڕای دەگەیەنێت، کە زمان مۆدولارییەو سەربەخۆ کاردەکات[١]، دەبێت منداڵ**

[١]) لەبەرئەوەی "زمان" ی مرۆڤ، وەك توانایەکی بایەلۆژیی بۆماوە لە مێشکدایە، پێویستە بەر لەوەی زاراوەو چەمکی "پێڕەو" ڕاڤەبکرێت، بزانرێت پێکهاتەکانی مێشکی مرۆڤ چیین. زانستی زمانی ئاوەزیی mental-linguistic و بەتایبەتیی ڕابەرو نوێنەرانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە باوەڕی تەواویان بەو بانگەشەی گریمانەیە هەیەو کاری پێدەکەن. بەم جۆرە ئەم بانگەشەی گریمانەیە بۆتە بناغەو بنەمای زانستی زمانی ئەمڕۆ. لەتەك مۆدوولەکانی دییکەی

**لەزمانپژاندا دەنگ و فۆرمی زمانیی پەیوەست بە مۆدولی زمانەوە خەزن بکات و بەکاریبهێنێتەوە. واتە منداڵ لە لەدایکبوونیەوە لە قۆناغی پێشزمانییدا وەك گشت بوونەوەرەکانی تر دەربڕی هەندێك دەنگی سروشتییە، کە بە سەرەتای پەیوەندیکردنی بە دەوروبەرەوە دادەنرێت، بەڵام ئەو دەنگە سروشتیانە بەشێك نابن لە پێڕەوی زمانیی داهاتووی، واتە بەردەوان نابن، گەر بەردەوامیش بن، نابنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی.**

**منداڵ پێش ئەوەی توانای دەربڕین و فێربوونی یەکەم وشەی هەبێت، لە گەشەکردندا بە قۆناغێکی درێژدا تێدەپەڕێت. بۆ نموونە دوای گەشەکردنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن توانای دەربڕینی دەنگەکان دەرەخسێت.**

**کاتێك باس لە قۆناغەکانی زمانپژان دەکرێت، ئەو ماوەیە دەگرێتەوە، کە لە ساتی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا چوونە قوتابخانە. قۆناغەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی تەواوکەری یەکترن و سنووری جیاکردنەوەی قۆناغەکان تەنها بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەیەو بۆ زانینیی چۆنێتیی گەشەکردنی زمانە لە ماوەی منداڵییدا.**

**وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا زمانپژانی منداڵ، کە بەواتای پڕکردنەوەی ڕێزمانە تایبەتییەکەی دێت، لەسەر ڕێزمانە گشتییەکەی، گەشەکە دوای زمانوەرگرتن دێت و لە وەرگرتنی زانیاریی زمانییەوە** (Information)**دەستپێدەکات، تادەگاتە گەشەکردنی کۆزانیاریی** (knowledge)**، کۆزانیارییەکەی دەربارەی وەرگرتنی زمانی یەکەم** First Language Acquisition **لە داتاکانی دەوروبەرییەوە وەردەگرێت، بۆیە زانیارییەکان دەبن بە کۆزانیاریی.[1]، کۆزانیارییەکە لەوەرگرتنی ئەو داتایانە خەزندەکرێت، کە لەزمانی دایکییەوە وەریاندەگرێت، کە لەڕێگای داتاکانی وەك فۆنیمو مۆرفیمو وشەوە کۆزانیارییەکان لەبارەی فۆنۆلۆژییو سینتاکسو واتاوە خەزندەکات. واتە منداڵ ئەو کۆزانیارییانە لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ دامەزراندنی بنەمای ڕێزمانیی دەخاتەگەڕ، کە پەیکاڵی ڕێزمانە گشتییەکەن. دەکرێت لە نەخشەی ژمارە (١)دا[2] ئەوە بخرێتەڕوو، کە لەسەرەتادا داتاکان وەك تێکردەیەکی سەرەکیی کەرەستەکانە بۆناو ڕێزمانە گشتییەکە** (primary linguistic data) **دەبێتە پرۆسەی بە ڕێزمانیی_کردنەوە** (re grammaticalization)**، یان چەشنێکە لە پێکهێنانەوەی ڕێزمانی تایبەتیی** (Re- setting).[3]


**ڕێزمانە گشتییەکە وەك لەدواتردا باسی لێوەدەکرێت، ڕێساو یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە پاش ئەوەی دەرکردەکە دەگوێزرێتەوە، پاش ئەوە پارامێتەری زمانی تایبەتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.**

---

مێشکدا، "زمانی مرۆڤ" یەکێکە لە مۆدوولەکان و بەم پێیەیش دەتوانرێت بەتەنهاو جیا لە "زمان" بکۆڵرێتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بە گەڕانەوە بکات بۆ مۆدوولەکانی دییکە. مۆدوولی زمان، کە پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو بە "ڕێزمان" ناسراوە، لە چەند پێڕەوێکی بچووکتر بەناوی "پێکهاتە" پێکهاتووە. "فەرهەنگە ئاوەزی" یەکەیش یان کەرەستەکانی ناو گەنجیینەی وشە لەگەڵ ڕێزمانەکەدا "زمان" ەکە تەواودەکەن. چونکە زمانی مرۆڤ خۆی مۆدولارییە، دیارە پێڕەوە بچووکەکانیشی جیاو سەربەخۆن و هەریەکەیان دەتوانرێت سەربەخۆ بابەت و کەرەستەی توێژیینەوەکان بێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ا. محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٠_١٣)و (Mayada Elsabbagh (2004:3-4))

1) William Snyder (2002:3)
2) Cook & Newson (2007:53-54)
3) William Snyder (2002:3-5)

(١)




لەبەرئەوەی ڕێزمانێکی گشتی لەلای منداڵ بوونی هەیە، بۆیە پێکهێنانەوە (resetting)ەکە، بۆ فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیش دەبێت، ئەویش بەوپێیەی ئەو دوو پێکهاتەیە خاوەنی کەرەستەو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیانن، بەڵام دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت، کە لێکدانەوەی نیشانەو سیمای فۆنیمەکان، لەڕێگای وشەکانەوە وەردەگرێت و بەرجەستەدەکات. ئەویش بەوپێیەی یەکێك لە قۆناغەکانی زمانپژانی منداڵ، قۆناغی یەك وشەییە، کە تێیدا لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە:

(ا) ئەو وشانە دەردەبڕێت، کە بۆ ئۆرگانی ئاخاوتنی منداڵ، بڕگەکانی تاقیدەکرێنەوە، واتە پەیوەست بە ئۆرگانەکەیەوە، بڕگەکانی ناو تاکە وشە دەربڕاوەکەی بەرجەستەدەکات، ئەویش ئەوە دەگرێتەوە، منداڵ لە ڕێزمانە گشتییەکەیدا مۆدێلێکی بڕگەی پەیوەست بە ڕێزمانە جیهانییەکە پێیەو لەسەر ئەو مۆدێلە تاقیدەکاتەوە، بڕوانە نموونەکانی(١).

١) (ئەسپ ← ئەپس)، (باخچە ← باچخە)، (سەرین ← سەنیر)، (بەکرەجۆ ← بەرکەجۆ)، (تەوالێت ← تەلاوێت)، (پەنیر ← پەرین)، (شفتە ← فشتە).....تاد.

(ب) لەسەرێکی ترەوە مۆدێلی بڕگەی منداڵ پەیوەست بە ئۆرگانی ئاخاوتنەکەیەوە پڕدەکرێتەوە، ئەویش بەوپێیەی ئۆرگانەکەی پێنەگەیشتووەو ئەو کۆنسۆنانتانە لە بڕگەکەدا دێنێتەپێشەوە، کە لە پێشەوەی ئۆرگانی ئاخاوتنەکەیدان، بۆیە جۆری دەربڕینەکە لە بڕگەکەیدا منداڵانە دەبێت، نەك کۆی وشەکە. گەر بڕوانرێتە وشەکانی خاڵی (ا)، دەبینرێت بڕگەی دووەمیان خراونەتە ژێر فۆنۆتاکتیکی منداڵەکەوە، ئەویش لەبەرئەوەی لە بڕگەکەدا ئەو کۆنسۆنانتە هێنراوەتەپێشەوە، کە لە ئۆرگانەکانی پێشەوەن، وەك (ددانی و لێوی و....)، واتە مۆدێلەکە پەیوەستە بە پێگەیشتنی ئۆرگانەکانی منداڵەکەوە[١].

مۆدێلەکە بۆ منداڵی کورد لە فۆنیمەکاندا بەو شێوەیە بەرجەستەدەبێت، کە بڕگەکە سەرلەنوێی دادەڕێژرێتەوە، بۆیە هەموو بڕگەیەکی، یان دەکرێت بگوترێت زۆربەی بڕگەکانی زمانی کوردیی، یاسایەکی فۆنەتیکیی لەجۆری ئەوەی خوارەوە دەستدەکەوێت:

| | |
|---|---|
| کۆنسۆنانت خاوەنی نیشانەکانی پێشەوە | کۆنسۆنانت خاوەنی نیشانەکانی دواوە |

[١] بشڕوانە: Bloom field (1933: 45) لە Cook & Newson (2007:38-44) وەرگیراوە.

واته (Input) پەیوەست بە فۆنیمەکانەوە بۆ ڕێزمانە گشتییەکە ( Universal grammar) دادەڕێژرێت‌و مۆدێلێکی بڕگە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام دواتر منداڵ لە زمانی دایکییەوە (Out put)ەکەی دەبێتە ڕێزمانی تایبەتیی زمانێك. منداڵی کورد لەکاتی زمانپژاندنیدا لە ( out put)ەکەیدا پارامێتەری بڕگەیی زمانی دایکی وەردەگرێت‌و دەیکات بە مۆدێلی بڕگەکەی، کەواتە دەکرێت مۆدێلەکەی وەك ئەوەی پێشووترو هیتریش لەجۆری:

| کۆنسۆنانت خاوەنی نیشانەکانی پێشەوە | کۆنسۆنانت خاوەنی نیشانەکانی دواوە |
|---|---|

## ٢/١) گشتیّتیی لە زمانپژاندا

لایەنێکی تری جێبەجێکردنی خشتەی ژمارە (١) ئەوەیە، کە منداڵ هاوشێوەی دنیابینییە ڕێزمانییەکەی، پەیوەست بە پڕکردنەوەی فەرهەنگەکەشییەوە سەرلەنوێ دەوروبەری پۆلێندەکاتەوە. هەروەك چۆن بوونی مۆدێلێکی بڕگە لەلای منداڵ، بەوجۆرە خۆی دەنوێنێت، کە لە هەنگاوەکانی زمانپژاندا داتا زمانییەکان لەڕووی یاساوە بەسەر ڕێزمانە گشتییەکەدا دەسەپێنێت، هەر ئاواش سەپاندنی گشتیش لەلای منداڵ، تەنها پرۆسە ڕێزمانییەکان (ئەوانەی دروستەیان هەیە) ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ ناونان‌و دنیابینییەکەش هەر بەهەمان شێوەیە، چونکە فەرهەنگی زمانەکەی لەڕێگای کەرەستەی سەرەکییەوە (primary data)وە گەشەدەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، ئەو کەرەستانەی دەبنە سەرەکیی، دەربڕی گشتیشن، ئەویش لەبەرئەوەی دەتوانرێت لە کەرەستە کەمە وەرگیراوەکەیدا گشتیّتیی خەزنبکات‌و بەکاریانببات[١]. دەکرێت ئەوە پەیکاڵی هایپۆنیمی زمانی گەورەکان بێت، کە گشت دەربڕی تاکە، تاکیش دەتوانێت ببێتە دەستنیشانکەری گشتی، بۆنموونە: (گوڵ) هایپۆنیمی جۆرەکانیەتی، دنیابینیی ئێمەی گەورەش هەر لە هایپۆنیمەکەوە بۆ تاکەکانیەتی، واتە مەرج نییە جۆرەکانی (گوڵ) بەشێك بن لە زانیارییەکانی ئێمە. خەزنکردنی وشەی (گوڵ) لای ئێمە نابێتەهۆی ناسینەوەی جۆرەکانی، چونکە گوڵەکە بەر هەستەوەری چاو دەکەوێت‌و دەبێتەهۆی ناسینەوەی خودی گوڵ، واتە ئێمە لە بینینی گوڵێکدا جا هەر جۆرێکی بێت، دەزانین، کە گوڵە، نەك بزانین جۆرەکەشی چییە. ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆ ئەوە بوو، کە بزانرێت، وەرگرتنەکان لەلای منداڵ، گشتی‌و هایپۆنیمین.

زانیارییە وردەکان بەپێی ئاست‌و خوێندەواری‌و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن، ئەویش بەوپێیەی ئەگەرچی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵکردنە ناوخۆییەکانیان وشەی تایبەتییان هەیەو خۆیان تێدەگەن، بەڵام ئەوە لەلای ئاخێوەری گشتیی زمانێك نییەو بەکارنابرێت[٢]. بۆنموونە ئەو وشەو زاراوانەی لای گروپی کۆتربازەکان هەن، کۆدێکن تەنها ئەو گروپە لێکیدەدەنەوە.

1 ( Kajal Miyan (2010: 18)

٢ ) دەبێت لەنووسینەوەی فەرهەنگدا، ئەو وشەو زاراوە کۆمەڵایەتییانە تۆماربکرێن.

ڕوونکردنەوەکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە زمانپژان لە گشتییەوە (generalization) بەرەو تایبەتێتیی (specialization) دەستپێدەکات[1].

گشتیی ←——— تایبەتیی

گشتیی کۆمەڵە داتایەکی مارکەلێنەدراون، بۆیە خەزنکردنیان ئاسانترە (بڕوانە ڕوونکردنەوەکان بۆ (گوڵ))، ئەویش هۆکاری ئەوەیە، منداڵ دەسەڵاتی بەسەر داتا مارکەلێنەدراوەکاندا دەشکێتەوە، چونکە دەربڕی گشتێتین. دەبێت ئەوەش بگوترێت و جیابکرێتەوە، کە قۆناغی گشتیی و مارکەلێنەدراوییش لە ڕێزمان و فەرهەنگە گشتییەکەیەوە دەستپێدەکات، ئەو زمانەی، کە منداڵەکە پێش وەرگرتنی زمانی دایك هەیەتی، لە وەرگرتنی زمانی دایکیشیدا، پڕۆسەکە دووبارەدەکاتەوە، چونکە وەك چۆن لە ڕێزمانە جیهانییەکەیدا، گشتییێتیی هەیە، لە زمانی دایکیشیدا هەمان شت بەرجەستە دەبێت.

لەبەرئەوەی منداڵ هەر لە لەدایکبوونیەوە دەزگای زمانی هەیە، بۆیە لە هەوڵی کاراکردنی دەزگاکەیدایە، ئەویش لەڕێگای فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەوە، کە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەوروبەرەو دنیابینیی خۆی تێدایەو تاکگەرایی منداڵەکەیە بەسەر دەوروبەرەکەیدا. بڕوانە نموونەکانی (٢).

(٢

حەم ←——— بۆ هەموو خواردنێك، واتە گشتییە.

دیدە ←——— بۆ هەموو سەیارەیەك

(ناوێك) ←——— زۆرجار ناوێك بۆ منداڵ دەبێت بە ناوی هەموو کەسێك، بۆنموونە (ئارا) بۆ ناوی هەموو کوڕێکە. یان بۆ نموونە ناوی (چیا) ناوێکە بۆ هەموو کچێك. واتە گشتێتیی پێدەربڕیوە.

فش ←——— بۆ هەموو بچووکبوونەوەیەك، لە فشبوونەوەی میزەڵانەوە وەرگیراوە بڕوانە نموونەکانی (من فشم (واتە لاوازم)، ترێکە فشە(بۆ مێوژ)، پارووەکەم فشە (بچووکە))

جزە ←——— گۆشت، تاڕادەیەك بۆ جۆرێك خواردن مارکەی لێدراوە.

توتەن ←——— سپلیت دەنگی داگیرسانی ئامێرەکە کراوە بە ناوەکەی.

پس ←——— عەتر

لەئەنجامی سەرنجدانمان لەو وشەو دەربڕراوانەی سەرەوە دەردەکەوێت:

أ. کوردی نین، دنیابینیی تایبەت بە منداڵەکەن بۆ سەرلەنوێ ناونانەوەی دەوروبەرەو سەپاندنی تاکگەرایی منداڵەکەیە.

ب. دەربڕی گشتێتی و مارکەلێنەدراون.[2]

لەئەنجامی تێکردەی کەرەستە سەرەتاییەکانی زمانی دایك، منداڵەکە دنیابینیی و زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسی و واتاییەکانی زمان دایك وەردەگرێت و لە دوای وەرگرتنەکە

---


1 ( https://aclweb.org

2) Hulya IPEK (2009:156-157)

**تاكگەرایی زمانی دایك زاڵ دەبێت و لەوەوە ئاوەزو بیركردنەوەو زمانەكەی دەبنە كوردیی. واتە پەیوەست بە خشتەی (١)ەوە فەرهەنگ و بنەماو پارامێتەرەكان دەبنە كوردیی.[١]**

**وەك تیۆری X-bar بانگەشەی بۆ دەكات، لە زمانی مرۆڤدا كەرەستەی پێكهاتنی دروستە سینتاكسییەكان/ فرێز، وەكیەكن، جیاوازیی نێوان زمانەكان لە پارامێتەرەكاندایە. منداڵ لەكاتی وەرگرتنی زمانی كوردیدا، پارامێتەری سەری ڕێزمانیی، لە دەركردەی زمانی گەورەكانەوە، یان لە زمانی دایكییەوە وەردەگرێت، لەبەرئەوەی زمانەكە ڕێسای سەركۆتا جێبەجێدەكات، بۆیە هاوبەشیی دروستەیی لە ڕێساكەوە وەردەگرێت، ئەوەش بەوپێیەی لێكۆڵینەوە كوردییەكان پێیگەیشتوون[٢]، سەرە ڕێزمانییەكانی (كردار، ئاوەڵناو، ناو، تاف، دیارخەر، ڕێكەوتن) لەكۆتاییدان (جگەلە پێشناو)، لەوەوە بۆ دروستە سینتاكسییەكان نواندنێكی گشتییمان دەبێت، ئەگەرچی بەهۆی سەرە ڕێزمانییەكانەوە دەبنە پرۆژەی جیاوازی سینتاكسیی (كردار فرێزی كرداریو ناو فرێزی ناوییو ئاوەڵناو فرێزی ئاوەڵناوییو پێشناو فرێزی پێشناوییو تاف فرێزی تافو ڕێكەوتنیش فرێزی ڕێكەوتن، دروستدەكەن)، بەڵام ڕێساكە هەمان نواندنیان دەداتێ (بڕوانە هێڵكاریی (١)).**

**هێڵكاریی (١)**




**بۆیە دەرچوون لە ڕێزمانی جیهانیی (Universal Grammar)، واتە پاش ئەوەی منداڵ لە ڕێزمانی گشتییەوە بەرەو تێكردەی زمانی كوردیی دەڕوات، بنەماكان (Principe) بە پارامێتەری كوردی دەنەخشێنێت.[٣]**

**دروستە سینتاكسییەكان بەپێی تیۆری X-bar، بۆ كەرەستە بنەڕەتییەكانە، كە دەبنە بەشێك لە تێكردنی داتای سەرەكیی لای منداڵ، واتە منداڵ پەیكاڵی بانگەشەی تیۆرەكە داتاسەرەكییەكانی وەردەگرێت، پاشان لە هەنگاوی دووەمدا كەرەستەی سەرباردا (adjuncts) وەردەگرێت.**

**لەبەرئەوەی ئاوەڵكردارەكان جۆرێكن لە سەربارەكان، كە لە دروستە بنەڕەتییەكاندا نین، زانیاریی واتاییان تێدایە، بۆیە پەیكاڵ لەگەڵ تایبەتییەكانی زمانی مرۆڤدا، لە زمانپژانی منداڵدا لە قۆناغی دووی وەرگرتنی كەرەستە سەرەكییەكانەوە دێت، بۆیە لەناو ڕكێفی ڕێزمانی جیهانیدا لە**

---

١ ) لەوەش زیاتر بەهۆی تێكردەكە (Input) زمانییەكەیەوە زانیاریی كۆمەڵایەتیی و كەلتووریی و ..... كوردیی وەردەگرێت.

٢ ) بڕوانە: محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ٧٧)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٤٠-٥٥)

٣) لەفێربوونی زمانی دووەم (SLA)دا، یەكێك لەو بەربەستانەی لەبەردەم كەسەكاندایە، پارامێتەرەكانە. بڕوانە:
William Snyder (2002:1-2) و Ahmed Qadoury Al-Khudhairy (2002:22)

تێکردەکەیدا واتە لە کەرەستە سەرەکییەکاندا ئاوەڵکردار نابێتە زانیارییە فەرهەنگییەکەی. دیارە ئەوەش لێرەدا، لەچێوەی ئاوەڵکرداری کاتدا کاری تێدادەکرێت. ئاوەڵکرداری کات، لەکاتی وەرگرتنی زمانی دایك/ زمانی یەکەمدا، لە پێنج ساڵییەوە دەستپێدەکات، ئەویش لەبەرئەوەی ئاوەڵکردارەکان نیشانەی تاڤ ناو کردارەکان دەکەن. بە واتایەکی تر پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە لەبەرئەوەی نیشانەکانی تاف بۆ نواندنی ڕابردوو و ڕانەبردوو دەربڕی گشتێتیین، بۆیە منداڵ ئاوەڵکردارەکانی کات دوای تاف وەربگرێت.

لەبەرئەوەی قۆناغی زمانیی زمانوەرگرتنەکە بە وشەیی دەستپێدەکات، دەبێت ئەوە بزانرێت، کە خودی مۆرفیمەکان لەناو ئەو وشانەدا وەردەگیرێن، چونکە مۆرفیمەکان هەڵگری واتان، نەك خاوەنی واتا، بۆیە مۆرفیمەکان و زانیاریی واتایی و سینتاکسییان لە وشە سەربەخۆکانەوە وەردەگیرێن[1]. بۆنموونە ئەگەر ئەو هاوکێشەیە بکرێت، کە پێش ڕێزمانی بەرهەمهێنان کێشراوە، دەردەکەوێت، کە داتا سەرەتاییەکان وشەیین، نەك مۆرفیمی، زانیاریی دەربارەی نیشانەو سینتاکسی مۆرفیمەکان لە بەکارهێنانەکانیاندا هەڵدەهێنجێت. بۆنموونە ئەگەر بڕوانرێتە /_ستان، _دان/ مۆرفیمەکانی گەیاندنی واتای شوێن، ئەوە دەبینرێت، کە لەڕووی پەیوەندیی سینتاکسییەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەچنەسەر ناو، لەڕووی واتاشەوە هەریەکەیان جیاکەرەوەی ڕووبەری شوێنن. پێڕەوی ڕێکوپێك لە بەکاربردنی مۆرفیمەکاندا دەبینرێت، بۆیە پاش ئەوەی داتا سەرەکییەکان داخڵی دەزگای زمانپژان دەبن، ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمەکان بۆ منداڵەکە دەگوێزرێنەوە. دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی کەتیگۆرییەکان لەگەڵ داتاکەدا داخڵدەبن، بۆنموونە مۆرفیمەکانی تاف لەڕێگای کردارە شکاوەکانەوە بۆ دەزگا زمانییەکەی منداڵ دەگوێزرێنەوە[2]، کرداری شکاوەی زمانی کوردیی، کردارە سینتاکسییەکەیەتی و تافدارە، بەڵام کردارە فەرهەنگییەکەی، ڕەگی کردارەکەیەتی، کە زانیاریی سینتاکسی و واتایی تێدا هەڵگیراوە، لە سینتاکسدا بەهۆی مۆرفیمی تافەوە، بۆ ڕستیلەیەکی تافدار (non finite clause) دەشکێتەوە، واتە شکاندنەوەکە تاف دروستیدەکات، بۆیە جیاکاریی دروستەیی، تاف دروستیدەکات، چونکە تافەکە دروستکەری پرۆژەیەکی نوێیە بەناوی (TP/ فرێزی تاف). کەواتە منداڵ لە زمانپژانەکەیدا کردارە شکاوەکە، کە سینتاکسییەو بەپێی تاف دەگۆڕێت، لە تێکردەیەکی سینتاکسییەوە وەردەگرێت، نەك مۆرفۆلۆژیی، بەوەش زمانوەرگرتنەکەی سینتاکسیی مۆرفۆلۆژیی دەبێت.[3] شایەنی گوتنە چەمکی تاف لە زمانی کوردیدا بە مۆرفێمەکانی تاڤی ڕابردوو، مارکەی لێدراوە، واتە تەنها مۆرفۆلۆژیی تاڤی ڕابردوومان هەیە، ئەویش بەوپێیەی (أ) جێکەوتەی تاف لە زمانی کوردیدا دیاریکراوە، کە لە کۆتاییدایە، بۆیە لەدوای ڕەگەوە هەریەك لە مۆرفیمەکانی (د، وو، ت، ا، ی) بە تاف دادەنرێن، (ب) تاڤی ڕانەبردوو لە زمانی کوردیدا مارکەلێنەدراوە، چونکە مۆرفۆلۆژییانە نییە،

[1] ( Yasuhiro Shirai (2003:195-196)

2 ( Dalila Ayoun (2008:556)

[3] ( MING-CHING LI (2012:28)

بەڵام لەڕێگای مۆرفیمی /دە/وە مارکەی لێدەدرێت، ئەویش لەکاتێکدا دەبێت، کە جێکەوتەی تاف بۆ گەیاندنی تاڤ ڕانەبردوو، تافێکی دەرنەبڕاو بێت (Null tense)، بڕوانە نموونەکانی (٣).

٣) أ. من نانم خوارد.

تاف دەربڕراوە، یان نیشانەی تاڤ ڕابردوو

ب_ من نان دەخۆ Ø م.

تافی ڕانەبردووە

دەرنەبڕاوە

نیشانەی تاڤ ڕانەبردوو

بۆیە هەرچەندە پێشتر ئاماژەی پێدرا، مۆرفیمی نیشانەکردنی ڕابردوو، ئەگەرچی (ا) بە مۆرفۆلۆژیی دەنوێنرێت، (ب) مۆرفیمەکە شکاندنەوەی کردارەکە نیشاندەدات، بەڵام شکاندنەوەی کردارو مۆرفۆلۆژیی تاف جیا لە مۆرفێمەکانی تر، پەیوەست بەدەربڕینی کاتەوە مارکەلێنەدراو دەبن، چونکە خودی چەمکی ڕابردوو و ڕانەبردوو، دیارینەکراون.[1] ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە تاف لە زمانی کوردیدا ناتوانێت بە پڕاوپڕیی دەستنیشانکەری کات بێت، منداڵیش لە زمانپژانیدا لە چەمکەوە بۆ دەستنیشانکردن دەچێت، یان لە مارکەلێنەدراوەوە بۆ مارکەلێدراو دەچێت، چونکە خودیی زانیارییەکانی منداڵ دەربڕی گشتێتیین و پێکهاتنێکی سیمانتیکیان هەیەو چاوەڕواننەکرێت هەمیشە یاسابەند بێت.[2] بۆ نموونە ئارگومێنتە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکانی منداڵ بە پێی زمانی دایکیان نیین و دنیابینیی منداڵەکەیان تێدا بەرجەستەیە، لە دەربڕینە سینتاکسییەکانیشدا پەیوەست بە زمانی دایکەوە دەستووریی نیین (irregular)، بڕوانە نموونەیەکی لە جۆریی (من نان خواردم)، (شتم بۆ کڕیوی؟ (واتە شتت بۆ کڕیوم؟))

مۆرفیمەکانی تاف، کە کردارەکان بۆ کات دەشکێننەوە، لەلای منداڵ وەك تاف مارکەلێنەدراو و دەربڕی گشتێتیی وەردەگرن، بۆیە لەڕێگای شکاندنەوەی کردارەکانەوە، سەرەتا دەتوانێت تەرزی گەیاندنی تافەکە وەربگرێت. لەبەر ئەوەی لە پێش وەرگرتنی زمانی یەکەمدا ( first language acquisition) منداڵ دنیابینیی و تاکگەرایی (Individuality) خۆی لە پۆلێنکردنی دەوروبەرەکەیدا بەکاردەبات، بۆیە ناونان بەشێك دەبێت سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەوروبەرەکەی، بۆ ئەوەش پشت بە هەستەوەرەکانی دەبەستێت، واتە لە ڕێگەی ئەوەی خۆی دەیبیستێت، دەیبینێت یان بۆنیدەکات، ناو لە شتەکان دەنێت، نەك بەو شێوەیەی لە زمانی دایکیدا هەن، واتە لە زمانپژانەکەیدا سیمای نەتەوایەتی نیە، تا لە ڕێگای زمانورگرتنەوە/ بەهۆی داتای زمانیی سەرەکییەوە (بڕوانە نەخشەی (١)) تەسلیمی بیرو تاکگەرایی و دنیابینییەکان و مەرجی ڕاستەقینەی (truth condition) زمانی دایکی دەبێت. بۆ نموونە ڕەنگە لە ڕێگەی باکگراوندی پەیوەندیی گەورەکانەوە، ڕەنگی ڕەش لە (تەختە ڕەش)دا بۆ زمانی منداڵ بگوازرێتەوە، چونکە لە گۆڕینی ڕەنگی ئەو جۆرە تەختەیەدا منداڵ بە دنیابینیی خۆی بە (تەختە سپیی) ناویدەنێتەوە،

---

[1] ( Laura Wagner (1998: 108)

[2] ( Yasuhiro Shirai (2003:197)

**هەروەها (برنجی سوور) لای ئەو منداڵانەی نموونەیان لێوەرگیراوە بۆتە (برنجی پرتەقاڵیی: ڕەنگی برنجەکە بە پرتەقاڵیی دەبینێت) . نموونەکان خوارەوە لە دنیابینیی مناڵەوە وەرگیراوەن، کە دەربڕینەکەیان لە زمانی دایکیانەوە وەرنەگیراون، با جارێکی تر بڕوانینە نموونەی (٤)!**

**٤)**

- **توتەن = سپلیت (نەوەکە بیستەنییەو لە دەنگی داگیرسانەکەیەوە وەرگیراوە)**
- **برنجی پرتەقاڵیی = برنجی سوور (لە ڕەنگی ئێستای ئەو برنجەوە وەرگیراوە)**
- **جزە = گۆشت (بیستەنییە، لە دەنگەکەیەوە وەرگیراوە)**
- **دیدە = سەیارە (بیستەنییە، لە دەنگەوە وەرگیراوە)**
- **پس= عەتر (بیستەنییە، لە دەنگەوە وەرگیراوە)**

**بۆیە پەیوەست بە کاتەکانی زمانی کوردییش، کە داڕشتەی ڕێزمان و دنیابینیی کوردیین، مناڵ پەیڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ناونانی کاتدا پشت بە پراگماتیك دەبەستێت، ئەویش لەبەرئەوەی منداڵ دەوروبەرو کاتی ڕوودان پێکەوە دەبەستێتەوە.[1] پراگماتیکێك، کە خۆی و دەوروبەرەکەی وەك کۆدێك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، نەك پابەندیی زمانی دایکییان بێت. دەکرێت لێرەوە جارێکی تر لە زمانی دایکەوە بۆ زمانی منداڵ بچینەوە، تا لەوێوە جیاکاریی لە مارکەلێدانی تافدا بکرێت و هەنگاوەکانی کوردبوونی منداڵ دەستنیشانبکرێن، چونکە لە کۆتاییدا پێڕەوی گشتیی منداڵ لە ناو پێڕەوی تایبەتیی زمانی دایکیدا دەتوێتەوە[2].**

## ٣/١) کات و تاف لە زمانی منداڵدا[3]

**لە ڕاستیدا زمانی کوردیی زمانێکی ئاوەڵکرداریی نییە، واتە فەرهەنگی زمانی کوردیی ئاوەڵکرداری کەمە[4]. ئەوانیش (زوو، درەنگ) ن[5]. بۆیە ئاوەڵکرداریی نییە[6]. بەو پێیەی (زوو، درەنگ) دەربڕی کاتن، کەواتە لە فەرهەنگدا تەنها ڕووبەر واتایی کات فۆرمی تایبەت بە خۆی بۆ داڕێژراوە. بۆ تەواوکردنی ئەو کەلێنە، پێڕەوی مۆدولارێتیی زمانەکەمان بە پێی دروستەو سینتاکس ڕووبەرە واتاییەکانی دیکە ئاوەڵکردار تەواودەکەن. واتە ئەو چەمك و ناوەڕۆکانەی هەن و سیمای فرێزەشکاوەکانی ناو بەشە کردار (Predicate) نیشاندەدەن، لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا فۆرمیان بۆ دادەڕێژرێت و بەرجەستە دەکرێن.**

---

1( Laura Wagner (1998: 105) 

2 ( Rey-Long Liu and Von-Wun Soo (1992:354-360 )

٣ ) هەنگاوەکانی ئەو پارە بە گشتیی سود لە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ٢٠١٢: ٢٦٥-٢٦٩ )وەرگیراوە.

٤ ) هەندێك توێژەر پێیان وایە، کە لە زمانی کوردییدا ئاوەڵکردار نییە، بەڵکو ئەوانەی، کە هەن ئاوەڵکردارئاسان(ئەدڤێربڵ) (ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١ : ٢٧))، بەڵام بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوە دەردەخرێت، کە ئاوەڵکردار(ئەدڤێرب) وەك جێکەوتەو ڕووبەرو نیشانەی واتایی دەبێتە بنەما بۆ دروستکردنی ئاوەڵکردارئاسا (ئەدڤێربڵ).

٥ ) محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٤٣:٢٠٠٤)

٦ ) بە شێوەیەکی گشتیی بۆ ئەو کارانەی لەسەر گشت ئاوەڵکردارەکان کراون، بڕوانە ئەوڕەحمای حاجی مارف(١٩٨٨: ١١٩_١٦٧)و ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١)

هـەبوونی ئـاوەڵکرداری کـات لـە فەرهـەنگی زمـانی کوردییـدا، بـە واتـا هـەبوونی جێکەوتـەی سینتاکسیی و نیشانەی ئاوەڵکرداریی. لە سینتاکسدا لەبەر ئەوەی ئاوەڵکردار لە ناو دروستەی فرێزی کرداریی یان بەشەکردار(predicate) دایەو وابەستەیەتی، بۆیە دەکرێت دەرخەری واتایی لایەنێکی کردارەکە یان بەشەکردارەکە بێت و سیماکانیان نیشان بدات[1]. کرداری زمانی کوردیی تافدارە (tense)، واتە لە زمانپژانی منداڵەوە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە زمانی کوردیی فرێزی تافی هەیە، چونکە بەهۆی شکانەوەی کردارەکانەوە بۆ تاف کات دەردەبڕێت، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە منداڵ زانیارییەکانی لەسەر تاف لە کرداری تافدارەوە(finite verb) وەردەگرێت.

تاف لە زمانی کوردییدا بە مۆرفێمەو خاوەنی هەردوو نیشانەی نادیاری ڕابردوو و ڕانەبردوون (ڕانەبردوو مۆرفێمێکی نیشانەنەکراوە، هەردوو کاتی ئێستا یان داهاتوو دەگرێتەوە)[2]. کات (time)، کە بە ئاوەڵکردارەکان دەنوێنرێن، دەستنیشانکەری تافی ناوکردارەکانن، (بڕوانە نموونەکانی(٥)).

٥) ا. نەوزاد نەمامەکەی ناشت.

ب. ئازاد کتێب دەخوێنێتەوە.

لە (١)دا مۆرفێمەکانی / – ت/ و / دە–/ نیشانەودەربڕی تافێکی دیارینەکراوی ڕابردوو و ڕانەبردوون. لە (٦)دا لە ڕێی کاتەوە دەست دەخرێتە سەر تافە دیارینەکراوەکان، بۆ ئەمەش کاتە ڕابردووەکان وابەستەی تافە ڕابردووەکان و هی ڕانەبردووەکانیش وابەستەی تافە ڕانەبردووەکان دەبن.

٦) ا. نەوزاد دوێنێ/ پێرێ/ بەسرپێرێ نەمامەکەی ناشت.

i i

ب. ئازاد ئێستا/ سبەینێ/ دووسبەی کتێب دەخوێنێتەوە.

i i

پ. نەوزاد ئێستا نەمامەکەی ناشت.

لە ئاوەڵکرداری (ئێستا)ش لە (٦_اب)دا هەڵسوکەوتی ئەسپێکتەکان دەکات و کاتی تافە گراماتیکییەکانی نزیککردووەتەوە. نزیککرنەوەی دیکەی تافەکانی کرداریش لە ڕێگای فۆرمی (هەر)ەوە دەگەیەنرێت، بڕوانە (٧)و لەگەڵ (٦_اب)دا بەراوردی بکە.

٧) ا. نەوزاد ئێستا گەڕایەوە.

ب. نەوزاد هەر ئێستا گەڕایەوە.

پ. ئازاد ئێستا کتێب دەخوێنێتەوە.

ت. ئازاد هەر ئێستا کتێب دەخوێنێتەوە.

---

١ ) محەمەد مەحویی (٢٠١١ : ١٧٤_١٧٥)

٢ ) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو (١٧٦)

پێڕەوی زمانەکە، بەهۆی کەمیی ئاوەڵکرداری فەرهەنگییەوە، وای کردووە لە پۆلۆڕەگەزەکانی ترەوە, لەسەر بنەمای واتای ئاوەڵکرداریی کاتیی و پاشان جێکەوتەی سینتاکسییەوە ئاوەڵکردارئاسا بەرهەمبهێنێت. بۆ نموونە ئەو ناوانەی واتای کات دەگەیەنن، واتە کورد لە ڕێگای کاتەوە ناویناون، پێشبینی دەکرێت بتوانرێت بخرێنە جێکەوتەی ئاوەڵکردارەوە.

ناوی کات (name of time) (هاوین، زستان، شەممە، دووشەممە، ئێوارە، نیوەڕۆ،....) وەك ناوەکانی دیکەی زمانی کوردیی لە جێکەوتە (position)ی ئارگومێنتەکانی کرداردا دەردەکەون،(بڕوانە (٨)). بەڵام وەك لە (٩)دا دیارە لە سینتاکسدا بەهۆی دەرکەوتنی ئەو ناوە کاتانەوە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، دەبنە ئاوەڵکردارئاسا (Adverbial). شایەنی گوتنە ئەو جۆرە ناوەکاتییانە مەرجی ڕێکەوتنیان لەگەڵ تافی گراماتیکیی کردارەکەدا نییە، چونکە دەشێت لەگەڵ تافی ڕابردوو و ڕانەبردوودا بێن. ئەمە لە کاتێکدا هەریەك لە ناوە کاتییەکانی(دوێنێ، سبەینێ، پێرێ، بەسرپێرێ، پار، پێرار... ) بە پێچەوانەی ئەوانەوەن، چونکە وەك لە (٦_١ب)دا، دەرکەوت، کات (time) هەمیشە لە ناو فرێزی تافدا (Tense Phrase) دەشکێتەوەو تافەوە(tense) پێوەستە.

٨) ا. هاوین وەرزێکی ساڵە.

ب. من هاوینم لە وەرزەکانی تر لا خۆشترە.

٩) ا. ئێمە هاوین سەفەر دەکەین.

ب. ئەوان دووشەممە گەڕانەوە.

زمانەکە لەبەر کەمیی ئاوەڵکردار لە ڕێی ناوی کاتەوە ئاوەڵکردارئاسای بەرهەمهێنا، بەرهەمهێنانەکەش ئەو کاتە پێڕەوبەندانە دەبێت، کە بۆ ئاخێوەری زمانی کوردیی هەمان بنەما بەکارببرێتەوە. وەك سەرنجیش درا ئاوەڵکردارئاسای کات لەسەر بنەمای[1]: (ا) هەبوونی واتای ئاوەڵکرداریی کات لە پۆلەڕەگەزی ناودا، (ب) بەکارهێنانی جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداری کات، کە لە ڕێی هەردوو ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی (زوو، درەنگ)ەوە لەناو فرێزی تافدا ( Tense Phrase) دەستنیشتنکرا. بۆیە منداڵ لەوەرگرتنی زمانی نەتەوایەتییدا پەیڕەوبەندانە هەڵیدەهێنجێت.

جگە لەوەی باسیلێوەکرا، ئاخێوەری زمانەکە، لەپاڵ ئاوەڵکردارئاسای کاتدا پشت بە دەربڕینی پراگماتیکیانەی کات دەبەستێت، ئەگەرچیی لە ئێستادا زانیاریی دەوروبەر بووەتە بەشێك لە زانیاریی فەرهەنگیی[2]، بۆ نموونە دەربڕاوەکانی وەك (مەلابانگدان، چێشتهەنگاو، سبەی ساڵحان، بانگی شێوان)، کاتی پراگماتیکین. مناڵیش لەڕێی دنیابینی خۆیەوە، پراگماتیکیانە کاتەکان دەکات بەبەشێك لە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا مارکە لە تافەکان دەدات. بۆ نموونە بڕوانە (١٠).

١ ) هەمان بنەماش بۆ جۆرەکانی تری ئاوەڵکردار جێبەجێدەبن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٠-٢٦٥)

٢ ) تریفە عومەر (٢٠١٣: ٧٨)

(١٠
- به مناڵی = ڕابردوو، کە ڕەنگە هەفتەی ڕابردوو یان ڕۆژی پێشتر بێت.
- بەیانی = ڕابردوو / داهاتووش دەگەیەنێت
- سێجار ئەخەوین ئینجا جەژنە= داهاتوو / سێ سبەی دەگەیەنێت
- ئەو شەوە، ئەها ماڵی پوورە ئاشنا لێرە بوون= بۆ ڕابردوو

لە نموونەکانی (١٠)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە مناڵ لە دەرەوەی سیستەمی ناونانی کات لە زمانی دایکیدا، لە چوارچێوەی پەیوەندییکردندا هەوڵی پۆلێنکردنی کەتاکانی دەوربەری دەدات، وەك گوترا کاتەکەو ناونان و ناسینەوەکەی پراگماتیکیانە دەبێت، بۆ جۆرێك، کاتی داڕێژراوی زمانی منداڵ، لە لایەن دەورووبەرەکەیەوە لێکدەدرێتەوە. بەوەش داڕشتنی کاتی منداڵ پەیکاڵی کاتە پراگماتیکەکەی زمانی نەتەوەکەی دەوەستێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی بەپێی دنیابینیی( world view) داڕێژراون. ئەوەش سەرەتای نیشانەکردنی تافە گرامەتیکییە وەرگیراوەکەیە، چونکە ئەو کاتە پراگماتیکیانە پەیوەستن بە دەوروبەری کۆمەڵایەتیی و نەتەوایەتیی ئێمەوە، بۆیە فیچەرەکانی بە پێی کاتە جیهانییەکە لێکنادرێنەوە، هەمانشتیش بۆ کات لای مناڵ ڕاستە، ئەویش لەبەرئەوەی کاتەکە بۆ دەورووبەرەکەی خۆی لێکدەدرێتەوە. واتە کات و نواندنەکانی لە زمانی مناڵدا لۆکاڵییەو زیاتر لە چوارچێوەی خێزاندا لێکدەدرێتەوە[1]. ئەو داتایانەی لە چەند مناڵێکەوە وەرگیراون، ئەوە دەردەخات، کە مناڵ لە پێنج ساڵی بەدواوە فۆرمەکانی کاتی زمانی دایکی وەردەگرێت، ئەوەش کاتێك بە تەواوەتی گەشە دەکات، کە مناڵەکە لە ڕێگای قوتابخانەوەوە تێکەڵ کۆمەڵگاو دامودەزگای دەبێت، چونکە ئەو دەمە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای کات و شوێن بە ڕێوە دەچن.

ئەگەر سەرنج بدرێت، زمانی کوردیی پەیوەندییە سینتاکسیی لە چەپەوە بۆ ڕاست جێبەجێدەکات، بۆیە داڕشتەی ڕستەیەکی لە کردارەکەوە دەست بە هەڵبژاردنی تەواوکەرەکان دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە بۆ بنیاتی کەرەستە بنەڕەتییەکانە، کە تافیش یەکێکە لەوان، چونکە تاف سەری ڕێزمانییەو دروستکەری پرۆژەی فرێزی تافە. وەرگرتنی زمانیش لە کەرەستە بنەڕەتیەکانەوەیە، واتە x (پرۆژە دروستکەرەکان) بۆ y (دواکراوەکان/ تەواوکەرەکان) بۆ z (سەرپشکیەکان)[2]. تاف بەو پێیەی سەری ڕێزمانییە لە جۆری (X)ە، بۆیە مناڵ لە زمان وەرگرتنەکەیدا، لە تافەوە، کە دەربڕی گشتێتیە، بۆ نیشانەکردن/ مارکەلێدان دەچێت، نیشانەکردنی تاف نرخی (Z)ی هەیە، ئەویش بەو پێیەی بۆ واتایە نەك سینتاکس. ئەسپێکتەکان کە دیاریکەری ماوەی ڕوودانی کردارەکانن، لە ڕێی مۆرفێمەکانەوە نیشانەدەکرێن، ڕستەیەکی لە جۆری ڕستەی (١١_ا)، کە لە سینتاکسی زمانی مناڵەوە وەرگیراوە، تافی کردارەکە ڕابردووە، مناڵ لەسەر بنەمای ئەو جۆری کردارە، کە ئەسپێکتەکەی بە مۆرفێم نەنوێنراوە، کرداری ڕستەکانی (١١_ب_ت) دەشکێنێتەوەو دەشناسێتەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، سەرەتا مناڵ بەهۆی شکاندنەکانەوەی کردارەوە تاف و ئەسپێکتەکان بەرجەستە دەکات. واتە بە پێی داتاکە مناڵ (تاف+ ئەسپێکت) لە دروستەی کردارەکەدا بەکاردەبات.

[1]( https://aclweb.org

[2]( Cook & Newson (2007: 58)

(١١) ا. من نان خواردم

ب. من نان خواردبووم.

پ. من نان خواردوومه.

ت. من نان دەخواردم.

لەبەرئەوەی منالْ لە وەرگرتنی سیستەمی ڕێزمانەکەیدا بەتایبەتی لە وەرگرتنی تافدا، بە مۆرفیم، لە ڕێی شکانەوەی کردارەوە، دەستپێدەکات، بۆیە ئەوەش لە چوارچێوەی گشتێتێکەیدایەو لە قۆناغی دواتردا، لە گەشەی زمانییەکەیداو بەهۆی پەیوەندیی فەرمییەکانییەوە (لە قوتابخانەدا) لە سینتاکسدا، بە ئاوەڵکردارەکان نیشانە لە مۆرفیمە گشتییەکە دەدات. بەجۆرێك وەك لە زمانی کوردییدا هەیە، منالیش لە بەرجەستەکردنی ئاوەڵکردارەکانی کاتدا هەر لە گشتێتییەوە بۆ تایبەتێتیی نواندنی کات دەچێت. ئەوەش خۆی لە خۆیدا پەیوەستە بە دەسەلاتشکانەوەی منالەکە لە چۆنێتیی وەرگرتنی کات و وردەکارییەکانی. لەبەرئەوەی نواندنی کات و وردەکارییەکانی سیستماتیکییە، بۆیە منالیش هەنگاو بە هەنگاو سیستەمی کات وەردەگرێت. بۆ نموونە نیشانەکردنی مۆرفیمی تاف لە زمانی کوردییدا لەلایەن ئاوەڵکردارەکانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەلام لە هەنگاوی دووەمدا لە چەپەوە بۆ ڕاست ئاوەڵکردارەکان لەلایەن ئاوەڵکرداریی ترەوە نیشانەدەکرێن، ئەوەش وادەکات مندالْ زانیارییەکانی نیشانەکردنی کات و تاف پلەبەپلە بەدەستبێنێت. بڕوانە (١٢_اب)و لەگەڵ (١٣) بەراوردی بکە!

(١٢) ا. نەوزاد کتێبێکی کڕی.

ڕابردووی نیشانە نەکراو

ب. نەوزاد دوێنێ کتێبێکی کڕی.

تافی ڕابردووی نیشانە کردووە

(١٣) ا. نەسرین دوێنێ نیوەڕۆ سەفەری کرد

ئاوەڵکرداری دوێنێی نیشانەکردووە

ب. نەسرین دوێنێ نیوەڕۆ کاژێریەك سەفەری کرد

لە ڕاستەوە تافی ڕابردووی ناوکردارەکەی نیشانەکرد

لە چەپەوە ئاوەڵکرداری دوێنێی نیشانەکردووە

لە چەپەوە (دوێنێ نیوەڕۆ) نیشانەکردووە

نموونەکانی (١٢)و (١٣) ئەوە دەردەخات، کە داڕشتن و نواندنی کات و تاف پێڕەوبەندانەیە (systematical)، ئەوەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆئەوەی مندالْ لە زمانپژانەکەیدا یاسابەندانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ئەو زانیاریانەی لە وەرگرتنەکانیانەوە بەدەستی دێنێت دەبێت کۆزانیارییەك لەسەر کۆی بەکارهێنانی کات و تافی زمانی کوردیی. جگە لەوەش فۆرمی کاتی زمانی مندالْ لە پراگماتیکیەوە دەبێتە ئەو فۆرمەی لە زمانی دایکیدا داڕێژراون. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت لە تێکردەی ئاوەڵکردارییی کاتدا فۆرم و پێڕەو هەیەو دەگوێزرێنەوە بۆ کۆزانیاریی زمانیی منداڵەکە. بۆ نموونە وەك لە (١٤)دا دیارە، مندالْ دەربڕینێکی لە جۆری (١٤_ا)، کە کاتەکەی بۆ ڕابردوو داڕشتووە، بەرەو (١٤_ب)ی دەبات.

١٤) ا. من به منداڵی چووم بۆ ماڵی باپیره.

ب. من پێریێ چووم بۆ ماڵی باپیره.

له (١٤_ا)دا ئاوەڵکرداریی (به منداڵی) ئەگەرچیی داڕێژراوێکی زمانی منداڵه، بەڵام چەمکی ڕابردوو دەردەبڕێت و دەربڕی گشتێتییه بۆ (دوێنێ، پێریێ، بەسرپێریێ، پار)، بەوەشدا دەردەکەوێت، که منداڵ مۆرفیمی تاف پێش ئاوەڵکرداری کات وەردەگرێت، ئەویش بەو پێیەی ئاوەڵکرداری (به منالی) لەگەڵ تافی ڕانەبردوودا بەکارناهێنێت، بڕوانه نموونەی (١٥) .

١٥) *من به منداڵی دەچم بۆ ماڵی باپیره.

j i

هەروەها دەربڕاوەکانی له جۆری نموونەی (١٦_ا)، که دەربڕی کاتی داهاتوون و لەلایەن منداڵەوه داڕێژراون، منداڵ یاسابەندانه لەگەڵ ئەو مۆرفیمی نیشانەی ڕانەبردووەوه بەکاریان دەهێنێت، ئەوەش وەك له نموونەی (٦)دا دەرخرا پەیکاڵی ڕێکەوتنی کات و تافه له زمانی دایکداو ئەوەش دەسەلمێنێت، که منداڵ مۆرفیمەکانی تاف پێش وشەکانی دەربڕی کات وەردەگرێت. بڕوانه ڕێگاپێنەدانەکەی له (١٦_ب)دا.

١٦) ا. یەك شەو ئەخەوین بابه یەتەوه. (واته سبەینێ)، دوو شەو ئەخەوین بابه یەتەوه. (واته دووسبەینێ)، سێ شەو ئەخەوین بابه یەتەوه. (واته سێسبەینێ).

ب. دوو شەو خەوتم بابه دێتەوه.

j i

## ئەنجام

١. بەپێی هاوکێشەی زمانپـژان منداڵ له چوارچێوەی وەرگرتنی داتای سەرەکیی زمانیدا ئەو کەرەستانه وەردەگرێت، که بۆ زمان بنەڕەتیین، ئەوانەش هەر ئەو داتایانەن، که تیۆری (X-bar) بۆ دروستکردنی فرێزی فەرهەنگیی (Lexical Phrase) و ئەرکیەکان ( Functional Phrase) کردونی به بنەما، منداڵ لەوانەوه له گشتێتییەوه بۆ تایبەتێتیی دەچێت، بەجۆرێك له داڕشتنی دنیابینییەکەی خۆیشیدا دەوروبەرەکەی به کەرەستەی زمانیی دەربڕی گشتیی دەنوێنێت.

٢. منالْ له زمانپژانەکەیدا پێش وەرگرتنی داتای زمانی دایك تاکگەرایی خۆی له داڕشتنی داتای زمانیدا دەخاته گەڕ، بۆیه به پێی دنیابینی خۆی ناونانەکان دادەڕێژێتەوه، هەر لەو چوار چێوەیەشدا پێش بەدەستهێنانی وشه کات_دەربڕەکانی زمانی دایکی، فۆرمی نوێ بۆ کات دەردەبڕێت، که داڕشتنێکی پراگماتیکیانەی هەیه، واته کاتی پراگماتیکیین، بەڵام شەش ساڵی به دواوه ئەو فۆرمانه له زمانی دایکیەوه وەردەگرێت، که بۆ کات داڕێژراون.

٣. هەر له چوارچێوەی گشتێتیدا منداڵ له زمانپژانەکەیدا مۆرفیمەکانی تاف، که دەربڕی گشتیی کاتن وەردەگرێت، پاشان به ئاوەڵکرداری کات، تاف دەستنیشاندەکات، تەنانەت له داڕشتنی ئاوەڵکرداری کاتیشدا فۆرمی گشتیی بۆ ڕابردوو یان ڕانەبردوو دادەڕێژێت(بۆ نموونه (به منداڵی/ که منداڵ بووم) بۆ گشت ڕابردووەکان بەکاردەهێنێت). ئەو پرۆسەیه به شێوەیەکی پێڕەوبەندانه جێبەجێدەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئاوەڵکرداری کات له ڕستەوه بۆ چەپ تاف نیشانەدەکات، پاشان خودی ئاوەڵکردارەکه له چەپەوه بۆ ڕاست به ئاوەڵکرداری کاتیی تر نیشانەدەکرێت، ئەوەش وادەکات منداڵ (ا) سیستەم پێش فۆرم وەربگرێت، (ب) تاف پێش کات بەرجەسته بکات، ئەویش لەو بەڵگەیەوه دێت، که ئەو ئاوەڵکردارانەی منداڵ بۆ ڕابردوو دایاندەڕێژێت لەگەڵ تافی ڕابردوودا بەکاریاندەهێنێت، نەك هی ڕانەبردوو.

**ئەو منداڵانەی داتاکانیان لێوەرگیراوە**:

- گەڵا عبدالجبار مصطفی		لەدایکبووی ٢٠٠٩
- گەزۆ عبدالجبار مصطفی		لەدایکبووی ٢٠٠٩
- گلێنە عبدالجبار مصطفی		لەدایکبووی ٢٠٠٩
- ژیا کاوان محمد		لەدایکبووی ٢٠١٢

## سەرچاوەکان


**بە زمانی کوردیی:**

١. ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم ژمارەو ئاوەڵکردار، دار الحریە للگباعە، بەغدا.

٣. تریفە عومەر (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگیی و پێکداچوونی پێکهاتوکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی.

٥. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی.

٦. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانیی.

٧. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

٨. محەمەدی مەحویی(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

**گۆڤار**

٩. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢) ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردییدا گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە (٢٤)

**بە ئینگلیزیی:**

10. Ahmed Qadoury Al-Khudhairy (2002) Universal Grammar as a Model of Second Language
11. Learning, University of Wassit.
12. Cook, V.J & Newson, M.L. (2007), Chomsky's Universal Grammar, 3rd, black well: Oxford.
13. Dalila Ayoun (2008) Acquisition of English Tense-Aspect Morphology by

Advanced FrenchInstructed Learners, University of Arizona.
14. Hulya IPEK (2009), Comparing and Contrasting First and Second Language acquisition: Implications for Language Teachers, Anadolu University.
15. Kajal Miyan (2010), WWN: Language Acquisition and Generalization using Association, Michigan State University.
16. Laura Wagner (1998) THE SEMANTICS AND ACQUISITION OF TIME IN LANGUAGE, the Degree of Doctor of Philosophy.
17. Mayada Elsabbagh (2004), Modularity of Mind and Language, The Encyclopedia of Language and Linguistics – Second Edition.
18. MING-CHING LI (2012), THE ACQUISITION OF TENSE AND AGREEMENT BY EARLY CHILD SECOND LANGUAGE LEARNERS, University of Illinois at Urbana-Champaign.
19. Rey-Long Liu and Von-Wun Soo (1992) parsing-driven generalization for natural language acquisition, National Tsing-Hua University.
20. William Snyder (2002) PRINCIPLES AND PARAMETERS THEORY AND LANGUAGE ACQUISITION, University of Connecticut.
21. Yasuhiro Shirai (2003) The acquisition of tense-aspect morphology and the regular irregular Debate, Cornell University.

## الخلاصة

هذا البحث المسمى ب (تفسير الوقت و الزمان فى اكتساب اللغة عند اطفال الكرد) هو محاولة لتحديد مراحل التفسير و التعرف الوقت و الزمان فى اكتساب اللغة لدى اطفال الكرد. لقد اجريت خطواتة وفق عناصر النمو الاساسية و غير الاساسة، اذ الطفل في بداية اكتسابه للغة ياخذ العناصر الاساسية. ومن هذا المنطلق فقد بينا المورفيمات الدالة على الزمان و الظروف الزمانية. وقد تبين ان الطفل في اطار التعابير العامة يبدا من الزمان الى الوقت.

## Abstract

This study, entitled Checking Time and Tense in the Process of Language Acquisition in Kurdish Children, is an attempt to check and recognize time and tense in Kurdish children's language acquisition process. The study moves forwards according to argumentative and non-argumentative development, because when a child acquires a language, s/he first learns the primary linguistic data, then secondary linguistic data. There is also mention of tense representation morphemes as well as adverbs of time. The research also states that children, in generalization, will first recognize tense then move on to learn time.